زانا خەلیل

# گەڕان

لەناو نەگەڕاندا بەدوای گەڕاندا دەگەڕێم.

لەناو گەڕاندا دەمەوێ نەگەڕان بدۆزمەوەو

لەناو ونبووندا داخوازم دۆزینەوە بدۆزمەوەو

لەناو دۆزینەوەدا بەدوای ونبووندا دەگەڕێم.

لەناو گەڕان و ونبوون و نەگەڕان و دۆزینەوەدا

تەنیا بەدوای تۆدا دەگەڕێم

ناکرێ تۆیش بێیت لە ناوە مندا

بە دوای خۆتدا بگەڕێیت ؟

# لە نێوانی نهێنی و ئاشکرادا

من بە ئاشکرا تۆم خۆشدەوێ و

تۆیش بە نهێنی من.

تۆ ناتوانی بە ئاشکرا منت خۆشبوێ و

منیش بە نهێنی تۆ.

دەبێ چارمان چیبێ ؟

دەبێ چارمان چیبێ جگە لە داتاشینی وشەیێك

لە نێوانی نهێنی و ئاشکرادا

جگە لە دۆزینەوەی مەودایێك
لە نێوانی ئاشكراو نهێنیدا ؟

## ترس

زۆر دەترسم نەمرم و ببینم
تۆ لە ڕۆحی ساردی یەكێكیتر
بۆ  دڵی گەرمی من بگری .

زۆر دەترسم بمرم و نەبینم
تۆ لەناو عاتیفەی ساردی یەكێكیتر
بۆ باوەشی گەرمی من نەگری .

زۆر زۆر دەترسم
نەمرم و ببینم
تۆ لە دووری خۆمدا ببینم.
زۆر زۆر دەترسم
بمرم و نەبینم
تۆ لە نزیكی خۆمدا ببینم .

# گەمەی پەنجەکان

ئەو پەنجانەت دەپەرستم
کە چەند ڕۆژ جارێ
ستیانە ڕەشەکەتی پێدەکەیتەوەو
لە ڕۆژێکیشدا چەند جارێ
ستیانە سپیەکەتی پێدادەخەی

ئەو پەنجانەم بپەرستە
کە چەند ڕۆژ جارێ
ستیانە سپیەکەتی دادەخست و
لە ڕۆژێکیشدا چەند جارێ
ستیانە ڕەشەکەتی دەکردەوە .